زیندانیکردنی داعشێک کە بەشداری کردبوو لە سووتاندنی بنکەی پۆلیسی عەجە

دادگای تاوانەکانی سەڵاحەدین ، بڕیاری زندانیکردنی 15 ساڵی بۆ داعشێک دەرکرد.

فەرمانگەی ڕاگەیاندنی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لەبەیاننامەیەکدا رایگەیاند:- ئەم تیرۆریستە بەشداری کردبوو لە شەڕی دژبەهێزە ئەمنیەکان پاش ساڵی 2014 و بەشداریشی لە سووتاندنی بنکەی پۆلیسی عەجەداکردووە.

ئاماژەشی بەوەکرد کە بڕیارەکە بەپێی مادەی دووەم / 1،3،5 وبەئاماژەی مادەی چوار/1 لەیاسای دژەتیرۆر ژمارە 13ی ساڵی 2005 و بە بەڕێگەی مادەی 132/1 لەیاسای سزادان وەرگیرا.